# شیکردنەوەیەکی جوگرافیی بۆ پێکهاتەی ئەسنۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و ڕەنگدانەوەی لەسەر شوناسی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان

د. هەورامان کمال میرزا
Hawraman.kamal1981@gmail.com.
ب. پەروەردەی سلێمانی

د. هێمن نصرالدین محمد
hemin.nasraldin@garmian.edu.krd
زانکۆی گەرمیان،ک.پەروەردە بەشی جوگرافیا

د. مقداد عمر عبدالله
miqdadomer3@gmail.com
ب. پەروەردەی سلێمانی

پ. د. جەزا توفیق طالب
jaza.talib@univsul.edu.iq
ز. سلێمانی، ک. ز. مرۆڤایەتییەکان بەشی جوگرافیا

**پێشەکی**

جوگرافیا ئەسنۆگرافی وەك لقێکی جوگرافیای مرۆیی گرنگی دەدات بەپێکهاتەی مرۆڤەکان لە ڕووی نەتەوەیی و ئاینی و زمان، چونکە بەتایبەت ئەو بابەتانەی دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بەهۆی کێشانی سنووری دەوڵەت و هەرێمە تازەکان گرنگی و بایەخی زیاتری دەرکەوت ، چونکە زۆرجار کێشانی سنووری ڕامیاری هاوڕێك نەبوو لەگەڵ سنووری نەتەوەیی و ئاینی ، ئەمەش دواجار بووبەهۆی دابەش بوونی چەندین نەتەوەو ئاینزا بەسەر چەند وولات و هەرێمێك دا لە دواجاردا دروست بوونی پێکهاتەی نەتەوەو ئاینی بەقەبارەو ڕێژەی جیاواز لە نێو چوارچێوەی وولات و هەرێمەکاندا. پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ، شوێن و پێگەیەکی گرنگ و گەورەی هەبووە لە دەرخستنی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق دا.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بایەخ بەپێکهاتەی ئەسنۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی دەدات لە ڕوانگەی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی و ڕۆڵی لە دەرخستنی شوناسی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا. چونکە زۆرجار کێشە نەتەوەیی و ئاینی یەکان و نەگونجانیان کێشە بۆ دەوڵەت دروست دەکات ، هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چەندان پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستاندا دەژین و قەبارەو ڕێژەیان نەزانراوەو نەتوانراوە شوناسی نەتەوەیی و ئاینی ناوچەکان بەپێی قەبارەو ڕێژەیان بناسێنرێت.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوە خۆی دەبینێتەوە لەچەند پرسیارێك دا ئەوانیش:

1- ئایا بەرزی ڕێژەو قەبارەی پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی و قەبارەو ڕێژەی زۆرو بەرزبووە؟ کاریگەری لەسەر شوناسی نەتەوەی کورد لەپارێزگاکەو بەراورد بە هەرێمی کوردستان هەبووە ؟

2- ئایا بەرزی ڕێژەو قەبارەی پێکهاتەی ئاینی( موسڵمان)ی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بە قەبارەو ڕێژە زۆر بەرز بووە؟ کاریگەری لەسەر شوناسی ئاینی(موسڵمان)ی نەتەوەی کورد لە پارێزگاکەو بەراورد بەهەرێمی کوردستان هەبووە ؟

**گریمانەی توێژینەوە :** وەك وەڵامێك بۆ کێشەی توێژینەوەکە بریتی یە لە:

1- پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بە قەبارەو ڕێژە زۆر بەرزەو لە پلەی یەکەم دایە بەراورد بە پارێزگای هەولێرو دهۆك و هەرێمی کوردستان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ناساندنی شوناسی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بەراورد بە پارێزگایی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان هەبووە. کە وەك ناوەندێك بۆ شوناسی نەتەوەی کورد دەردەکەوێت.

2- پێکهاتەی ئاینی (موسڵمان) لە پارێزگای سلێمانی بەقەبارەوو ڕێژە زۆر بەرزەو لە پلەی یەکەم دایە، بەراورد بە پارێزگای هەولێروهۆك و هەرێمی کوردستان. ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە سەر ناساندنی شوناسی ئاینی (موسڵمان) لە پارێزگاکەو بەروارد بە پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان هەبووە ، وەك شوناسی ئاینی(موسڵمان) دەردەکەوێت.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خستنەڕووی گۆڕانی قەبارەو ڕێژەی ئەسنۆگرافی وەك پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی لە پارێزگای سلێمانی و ڕۆڵی لە ناساندنی شوناسی نەتەوەیی و ئاینی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك شوناسی نەتەوەیی و ئاینی کوردی تێدا بەرجەستە دەبێت.

**میتۆدی توێژینەوە:** سروشتی توێژینەوەکە وادەخوازێت کەسوود لە میتۆدی (شیکاری و بەراوردکاری ) وەربگرین.

**پلانی توێژینەوە:** بەمەبەستی پێکانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ پێشەکی و ناساندنی ناوچەی توێژینەوەو پاشان دوو باس لەخۆدەگرێت . باسی یەکەم تایبەتە بە گۆڕانکاری لە قەبارەو گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ، باسی دووەم باس لە پێکهاتەی ئەسنۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی کەتێدا تیشك دەخاتەسەر پێکهاتەی نەتەوەی و ئاینی پارێزگای سلێمانی.


**سنووری توێژینەوە:**

**1- ڕەهەندی شوێنی:** مەبەست لێی پارێزگای سلێمانی یە کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پارێزگاکە لە باکوورەوە پارێزگای هەولێر و لە باشوورەوە پارێزگای دیالەو و لە ڕۆژهەڵاتەوە وولاتی ئێران و لە ڕۆژئاواوە پارێزگای کەرکوك یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان عێراق، بڕوانە نەخشەی (1) لە ڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە سەربازنەی پانی( 36° 30' 41" ) و ( 34° 25' 48" ) باکوورو هێڵی درێژی ( 46° 20' 56" ) و( 44° 30' 42" ) ڕۆژهەڵات.پارێزگاکە لە ڕووی سنووری کارگێڕیەوە سەر بە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەرێمی کوردستانیش لەم توێژینەوەدا پێکهاتووە لە هەرسێ پارێزگای سلێمانیی و هەولێرو دهۆك، کۆی گشتیی ڕووبەری پارێزگای سلێمانی دەگاتە (21070,5کم2) کە پێك دێن لە چەندین یەکەی کارگێری لەنێو چوارچێوەی هەرێمی کوردستان، مەبەست لەم ڕووبەرە هەریەکە لە پارێزگا سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجەو ، هەریەکە لەئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین کە کۆی گشتی یەکەکارگێڕیەکانی پارێزگاکە بریتی یە لە(16) قەزا.

**2- سنووری کاتی توێژینەوە:** مەبەست لێی ماوەی توێژینەوەکەیە، کەپشت بەداتاو زانیاریەکان بەستراوە بۆ پێکهاتەی ئەسنۆگرافی لەماوەی ساڵانی 1957- 2024.

sjh@univsul.edu.iq

نەخشەی(1) شوێنی پارێزگای سلێمانی بەپێی هەرێمی کوردستان و عێراق




کاری توێژەران پشتبەست بە:-

1- حداد، هاشم یاسین حمد أمین، ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان، چ1، هەولێر، 2009، ل20

2-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، 2024

3- بەکارهێنانی بەرنامەی G is10,8.2

**باسی یەکەم: گۆڕانکاری لەقەبارەو گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی:**

دانیشتوان یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کۆمەڵگای مرۆیی کە بەردەوام لە گۆڕاندایە، گۆڕانی قەبارەو ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دیاردەیەکی دیمۆگرافی گرنگە لەم سەردەمەدا ، لەبەرئەوە لێکۆڵینەوە لەقەبارەو گەشەی دانیشتوان هەر لەکۆنەوە گرنگترین خەسڵەتی لیکۆڵینەوەکانی تایبەت بە دانیشتوان بووە ،(Scheidel,2006,P2)خێرایی گەشەی دانیشتوان کاریگەریەکەی لەسەر چەندان گۆڕانکاری ئابووری ، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ڕەنگی داوەتەوە(محمد، 2012، ص3)، وە گرنگترین ئەو ڕەنگدانەوانەش لە بەرنامە داڕشتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەسنۆگرافی و ڕامیاری هەموو وولاتیکدا ڕۆڵی گرنگ و نکۆڵی لێنەکراوی هەیە، ئاشکرایە قەبارەی دانیشتوان لە جووڵەی بەردەوام دایە بەئاڕاستەی زیادبوون یان کەم بوونەوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە دۆخێکی جێگیرو نەگۆڕدا نیە، بەڵکو بەردەوام لە گۆڕاندایە(حمە،

2019، ل 9-10) ، جێگەی ئاماژەیە قەبارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی خێرا ڕوو لە گەشەکردنە بەتایبەت لەسەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا، لەم باسەدا پشت دەبەستین بە ئەنجامە گشتیەکانی سەرژمێری دانیشتوان، چونکە ژمارەو داتاکانی ئەنجامە گشتیەکانی سەرژمێری دانیشتوان لەکاتی ئێستادا یەکێکە لە بنەماو سەرچاوە سەرەکیەکانی توێژینەوەی تایبەت بە دانیشتوان، لێرەدا پشت بە سالانی سەرژمێری دانیشتوان لە عێراق و داتاکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەرێم بۆ ساڵی(2009) و (2024). بەباشمان زانی گۆڕانکاریەکان لە قەبارەو گەشەی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی پۆلێن بکەین بۆ پێنج قۆناغ بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**1- قۆناغی یەکەم 1957-1965:** لەم قۆناغەدا کە (8) ساڵی خایاند بەسەرنج دان لە خشتەی(1) بۆمان دەردەکەوێت قەبارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە (304895) کەسە لەساڵی 1957 بووەتە (399768) کەس لە ساڵی 1965. واتە بەزیادبوونی ڕەهایی (94873)کەس، ئەمەش گۆڕانێکی گرنگە لە قەبارەی دانیشتوانی پارێزگاکەدا وە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە لەسەر ئاستی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان(31,1%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی پێك هێناوە، لەبارەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لەم قۆناغەدا پارێزگاکە بەڕێژەی (3,4%) ە بەئاراستەی گەشەکردن هەنگاوی ناوە، بەڵام ڕێژەی گەشەی ساڵانەیی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە (2,1%) بووە، پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (2,2%) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی زیاترە لە هەرێمی کوردستان. ئەمەش ئاماژەیەکی ئەرێنی یە کە ئاستی قەبارەو ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەم قۆناغەدا پارێزگای سلێمانی لە پێشترە بەراورد بە هەرێمی کوردستان.واتە بەگشتی پارێزگای سلێمانی لە ڕووی قەبارەو ڕێژەی گەشەی دانیشتوان بەئاڕاستەی زیادبوون و گەشەکردنی زیاتر هەنگاوی ناوە لەچاو هەرێمی کوردستان.

**2- قۆناغی دووەم : 1965- 1977: -** لەم قۆناغەدا کە (12) ساڵی خایاندووە بەسەرنج دان لە خشتەیی (1) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە( 399768) کەسەوە لە ساڵی 1965 گەشتوەتە (689119) کەس لە ساڵی 1977. واتە بەراورد بە قۆناغی پێشوو قەبارەی دانیشتوان بەزیادبوونی ڕەهای (289351) کەس زیادی کردووە. واتە بەنزیکەی (3) هێندەی زیادبوونی ڕەهای قۆناغی پێشوو زیاتر زیادی کردووە، هەروەها بەنزیکەی زیاتر لە (40%) بەراورد بە قۆناغی پێشوو زیاتر زیادی کردووە، لەم قۆناغەدا ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە(44,3%) کۆی ژمارەی دانیشتوانی هەموو هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە، بەراورد بە قۆناغی پێشوو بەڕێژەی(13,2%)ڕووی لە بەرزبوونەوە کردوە، ئەمەش نیشانەیەکی گرنگە بۆ گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ، پاشان هەر لەم قۆناغەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان گەشتوەتە (4,6%) بەراورد بە قۆناغی پێشوو بەڕێژەی (1,2%) زیاتر ڕووی لە گەشەکردن کردوە، هەروەها لەم قۆناغەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (0,4%) بەراورد بە ڕێژەی ساڵانەی هەرێم لەم قۆناغەدا (4,2%) بووە.

خشتەی(1) ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستانی عێراق لەماوەی نێوان ساڵانی 1957-2024

| ساڵ | ژ.دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | ژ.دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان | ماوە | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 304895 | 844450 | 31,1 | 1957-1965 | 3,4 | 1,2 |
| 1965 | 399768 | 901904 | 44,3 | 1965-1977 | 4,6 | 4,2 |
| 1977 | 689119 | 1480488 | 46,6 | 1977-1987 | 3,4 | 3,4 |
| 1987 | 951723 | 2015466 | 47,2 | 1987-2009 | 3 | 3,9 |
| 2009 | 1784853 | 4662266 | 38,3 | 2009-2024 | 2,3 | 2,5 |
| 2024 | 2502904 | 6774339 | 37 | 1957-2024 | 3,2 | 3,2 |

کاری توێژەران پشت بەست: 1- بە پاشکۆی(1). 2- بۆ دەرهێنانی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان پشت بەستراوە بەم هاوکێشەی خوارەوە:

$$R = \sum\left(\sqrt{\frac{P1}{PO}} - 1 \times 100\right)$$

R= ڕێژەی گەشەی ساڵانە ∑= ژمارەی ساڵەکانی نێوان سەرژمێرییەکان

P1 = ژمارەی دانیشتوانی دوا سەرژمێری P2 = ژمارەی دانیشتوانی سەرژمێری یەکەم

3- Clarke , Johan , population Geography,Education pergaman press ,Oxford, 1972، p 146

بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوانی پێشبینیکراو پشت بەم هاوکێشەیە بەستراوە

$$\text{ئەنجام} = \frac{\text{تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان} \times \text{ژمارەی دانیشتوانی بۆ هەر ساڵێك}}{100}$$

ئەنجام × ژمارەی دانیشتوان = کۆی ژمارەی دانیشتوان لەو ساڵەدا

4- سەرچاوە: الخفاف، عبد علی، عید مخور الريحانی، جغرافية السكان، مطبعه جامعه البصره، البصره، 1986، ص 154.

بەگشتی دەتوانین بڵێین لەسەر ئاستی قەبارەو ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەراورد بەقۆناغی پێشوو زیادی کردوە، هەروەها لەم قۆناغەدا بەراورد بەهەرێمی کوردستان زیاتر ڕووی لەگەشەکردن کردووە بە ئاراستەی زیادبوون هەنگاوی ناوە. هۆکاری ئەم زیادبوونە بۆ ناجێگیری بارودۆخی سیاسی وسەربازی و گۆڕانکاری لەسنوری کارگێڕی پارێزگاکە، پاشان زیادبوونی سروشتی دایشتوان ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، لەم زیادبوونەی قەبارەو گەشەی دانیشتوان.

**3- قۆناغی سێ یەم 1977- 1987:-** لەم قۆناغەدا کە (10) ساڵی خایاندوە بەسەرنج دان لە خشتەی (1) بۆمان دەردەکەوێت کە گۆڕانێکی بەرچاو لە قەبارەی دانیشتواندا هاتووە بەجۆرێك ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکە لە(689119) کەس لەساڵی 1977 بووەتە (951723) کەس لە ساڵی 1987. واتە بەراورد بە قۆناغیی پێشوو قەبارەی دانیشتوان بەزیادبوونی ڕەهای (262604) کەس زیادی کردووە. بەڵام بەراورد بە زیادبونی ڕەهای قۆناغی پێشوو کەمتری کردووە، لەم قۆناغەدا ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە لەسەر ئاستی هەرێم گەشتوەتە(46,6%) کۆیی دانیشتوانی هەرێم، بەراورد بە قۆناغی پێشوو بەڕێژەی (2,3%) ی کۆی دانیشتوانی هەرێم ڕووی لە زیادبوون کردوە، سەبارەت بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەم قۆناغەدا (3,4%) بووە بەراورد بە قۆناغی پێشوو بەڕێژەی(-1,2%) ڕووی لەکەم بوونەوە کردووە، هەروەها ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا (3,4%) بووە بەراورد بە قۆناغی پێشوو (-0,8%) ڕووی لەکەم بونەوە کردووە، هۆکاری ئەم کەم بوونەوەیە لە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان و پارێزگای سلێمانی بەدۆخێکی ناهەمواری سیاسی و سەربازی دا ڕۆشتووە، لەلایەك جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران لە لایەکی تر شەڕو پێکدادانی سەربازی نێوان حکومەتی عێراق و جوڵانەوەی کوردی، هەروەها جێبەجێ کردنی ڕێکەتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق- ئێران کە لە ساڵی 1975 واژوکرا و لەم قۆناغەدا جکومەتی عێراقی دەستی بە جێ بەجێ کردنی کردوە، کە بە قوڵایی (20کم) لە سنووری عێراق- ئێران لە سنووری پارێزگای سلێمانی و هەولێر، کەپشکی زۆری بەر پارێزگای سلێمانی کەوت کە ڕاگواستن و چۆڵکردنی ناوچەسنووریەکان لە دانیشتوان و پاشان پرۆسەی ئەنفال وکیمیاباران کردن و بێ بەشبونی چەندین ناوچە لە سەرژمێری 1987 لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی.

**4- قۆناغی چوارەم: 1987- 2009:-** ئەم قۆناغە بەدرێژترین قۆناغ دادەنرێت کە (22) ساڵی خایاندووە. بەسەرنج دان لە خشتەی (1) بۆمان دەردەکەوێت کە دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی 1987 لە (951723) کەسەوە گەشتوەتە (1784853) کەس لە ساڵی 2009. واتە بەراورد بە قۆناغی پێشوو قەبارەی دانیشتوان بەزیادبوونی ڕەهای (833130) کەس زیادی کردووە ، واتە نزیکەی تۆزێك کەمتر لە هێندەی قەبارەی دانیشتوانی قۆناغی پێشوو زیادی کردوە، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کە پارێزگای سلێمانی بەئاڕاستەی زیادبوونی قەبارەی دانیشتوان هەنگاوی ناوە لەم قۆناغەدا ڕێژەی دانیشتوان پارێزگای سلێمانی لە(47,2%)ی کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی پێکهیناوە واتە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی دا کۆبونەتەوە، بەراورد بەقۆناغی پێشوو، نزیکەی(0,6%) ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکە لەسەر ئاستی هەرێم ڕووی لە زیادبوون کردوە، سەبارەت بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لەم قۆناغەدا لە(-0,4%) ڕووی لە کەم بوونەوە کردوە ، هەروەها هەرێمی کوردستانیش لەم قۆناغەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی لەم قۆناغەدا (3,9%) بووە بەراورد بە قۆناغی پێشوو بە ڕێژەی (-0,05%) ڕووی لەکەم بوونەوە کردوە، لەم قۆناغەدا پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (-0,9%) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی کەمترە بەراورد بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان، هۆکاری نزمبونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە سەرەتای قۆناغەکە بەدەست نائارامی سیاسی و سەربازی و پاشان لە ساڵی 1991 و ڕاپەڕینی گەلی کوردستان و ئارام بوونەوەی بارودۆخی سیاسی و سەربازی و پاشان ئابڵوقەی ئابووری نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و هەرێم و ئابڵوقەی عیراق لەسەر هەرێم دۆخێکی سەختی نالەباری ئابووری لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی لێکۆڵینەوە خوڵقاند کەنزیکەی (13) ساڵی ئەم قۆناغەی گرتەوە، هەروەها شەڕی ناوخۆ لەهەرێمی کوردستان کەدەتوانین بڵێین هەموو شەڕو ململانێ و پێکدادانەکان لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا لەم پارێزگایەدا کاریگەری بەرچاوی هەبوە لەسەر کەم بونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانە، سەرەڕای درێژی ماوەی ئەم قۆناغەش یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی نزمبونەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان، هەرچەندە لەساڵانی کۆتایی ئەم قۆناغەدا نەمانی ئابڵوقەی ئابووری و ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو و نەمانی مەترسی سەربازی لەسەر هەرێم بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی دەستکردن بە بوژانەوەی بواری ئاوەدانی باش بوونی دۆخی ئابووری و گوزەرانی خەڵك ، فاکتەری سەرەکی بوو بۆ

sjh@univsul.edu.iq

ئەوەی ڕێژەی گەشەی ساڵانە لەوە کەمتر نەبێت، لەبەرئەوە ئەو دۆخە سەختەی قۆناغی پێشوو درێژبوونەوەی بۆ ئەم قۆناغە و نالەباری دۆخی ئابڵوقەی ئابووری نێودەڵەتی و خراپی گوزەران و شەڕی ناوخۆو مەترسیە ئابووری و سەربازی و سیاسی و شەڕی ناوخۆ نەما بەڵام کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لەسەر گۆڕانی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە هەرێم بەگشتی و پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی، لەبەرئەوە ئەم قۆناغە بە دژوارترین و خراپترین قۆناغی گەشەو گۆڕانی دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانیی ئەژمار بکەین.

**5- قۆناغی پێنجەم: 2009- 2024:-** ئەم قۆناغە کەماوەکەی (15) ساڵە گۆڕانکاری لە قەبارەی دانیشتوان بە ئاراستەی زیادبوون ڕۆشتووە لە پارێزگای سلێمانی . بەتێبینی کردن لە خشتەی (1) بۆمان دەردەکەوێت کەقەبارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەساڵی 2009 لە (1784853) کەسەوە گەشتوەتە (2502904) کەس لە ساڵی 2024. واتە بەزیادبوونی ڕەهای (718051) کەس ڕووی لە زیادبوون کردووە بەراورد بە قۆناغی پێشوو، لەم قۆناغەدا قەبارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی ڕێژەی لە(38,3%) کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی پێکهیناوە، بەڵام بەراورد بەقۆناغی پێشوو (-8,9%) ڕووی لەکەم بوونەوە کردووە، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەم قۆناغەدا بەراورد بەقۆناغی پێشوو لە (0,7%) کەمی کردووە، لەم قۆناغەدا بەرارود بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی هەرێم جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان ڕێژەی گەشەی ساڵانەی (2,5%) بووە، بەروارد بەقۆناغی پێشوو لە (-1,4%) ڕووی لەکەم بوونەوە کردووە، هۆکاری ئەم کەمبوونەوە لەزیادبونی ژمارەی دانیشتوان و کەمی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگا لەسەر ئاستی هەرێم و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لم قۆناغەدا هەرێمی کوردستان بە دوو قۆناغی سەختی سەربازی و سیاسی و ئابووری تێپەڕبووە بەجۆرێك سەرهەڵدانی شەڕی نەگریسی داعش و مەترسی لەسەر پارێزگای سلێمانی و هەرێم و عێراق دۆخێکی نالەباری سەربازی و سیاسی خوڵقاند لەساڵی 2014 تاوەکو 2017 دۆخی سەختی ئابووری و کەمبوونەوەی هەلی کار و نەمانی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداد دۆخێکی سەختی ئابووری خوڵقاند، هەر لەم قۆناغەدا شەپۆلی کۆچی کۆمەڵی بەشێك لە دانیشتوان لە هەرێم و پارێزگای سلێمانی کە کاریگەری دیارو بەرچاوی بوو بەرەو هەندەران و ئاسەوارەکانی ئەم دۆخە سەربازی و سیاسی و ئابووریە کاریگەری گەورەو بەرچاوی هەبووە کە ڕێژەی گەشەو زیادبوونی ڕێژەو قەبارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان بەراورد بەقۆناغی پێشوو ڕوو لەکەم بوونەوە کردوە بەجۆرێك دەتوانین ئەم قۆناغە لەڕووی ڕێژەی گەشەو زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەراورد بە قۆناغەکانی تر کەمترین ڕێژەی گەشەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی بەخۆیەوە بینیوە.

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین قەبارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی 1957 لە (305895) کەسەوە گەشتوەتە(2502904)کەس لە ساڵی 2024، واتە بەزیادبوونی ڕەهای دانیشتوان (2198009) کەس ڕووی لە زیاد بوون کردووە، ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی 1957-2024،(3,2%) بووە لەم ماوەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی هەرێم وەك ڕێژەی گەشەی ساڵانەی پارێزگای سلێمانی یە(3,2%) بووە، لەماوەی ساڵانی 1957- 2024، قۆناغی دووەم بەرزترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی بەخۆیەوە بینیوە، قۆناغی کۆتایی نزمترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانیی بەخۆیەوە بینیوە، لەسەرئاستی ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بەرارود بە هەرێم، قۆناغی سێی یەم کەبەرزترین ڕێژەی تۆمارکردوە کەمترین ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی هەرێم لە قۆناغی کۆتاییدایە، بڕوانە خشتەی(1).

**باسی دووەم/ پێکهاتەی ئەسنۆگرافی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی بەراورد بە هەریەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان:**

مەبەست لە پێکهاتەی ئەسنۆگرافی دابەشبوونی دانیشتوانە بەپێی نەتەوە و ئایین، ئاشکرایە کە هەڵکەوتەی پارێزگای سلێمانی بەجۆرێکە، کە چەندین نەتەوە و نەژادی جۆراوجۆر بەشداری دەکەن کە لە پێکهاتەی نەتەوەییدا (تالب، 1999، ل174-175). هەروەها چەندین ئایین و ئاینزا لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە، پێکەوە هەردوو پێکهاتەی نەتەوە و ئایین و جۆراوجۆرییان بوونەتە هۆی پێبەخشینی ناسناوی فرە نەتەوەیی و ئایینی، هەریەکە لە پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و نەخشاندنی پێکهاتەی ئەسنۆگرافی، کە بریتییە لە (کورد، عەرەب، تورکمان، سریان، ئەوانیتر) وەك پێکهاتەی نەتەوەیی، و (مسوڵمان، مەسیحی، یەزدی، ئەوانیتر) وەك پێکهاتەی ئایینی، دەتوانین بڵێین بووەتە فاکتەری ئاشتەوایی و سەقامگیری پێکەوەژیان، بەڵام بە قەبارە و ڕێژەی جیاواز بۆ هەریەکە لە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆك و هەرێمی کورستان. لەم باسەدا بەدوو تەوەر باسی پێکهاتەی ئەسنۆگرافی پارێزگای سلێمانی دەکەین، بەراورد بە پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**تەوەری یەکەم/ پێکهاتەی نەتەوەیی لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (1957 - 2024):**

پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای سلێمانی بەراورد بە هەریەکە لە پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، ڕەنگدانەوەی لەسەر شوناسی نەتەوەیی کورد، لەم تەوەرەدا بە شەش قۆناغ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی دەکرێت، بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**1 - پێکهاتەی نەتەوەیی لە ساڵی (1957):** لەم سەرژمێرییەدا هەموو هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای زمانی دایك نەتەوەکان لێکجیاکراونەتەوە، دەتوانین بڵێین سادەترین بنەمای پۆلێنکردنی نەتەوایەتییە لەرابردوو و لەئێستاشدا. لەبەر ئەوەی ئێمەش لێرەدا زمانی دایکمان کردۆتە بنەمای جیاکردنەوەی پێکهاتەی نەتەوایەتی، بەجۆرێك بە سەرەنجدان لە خشتەی (2)و نەخشەی(2)، بۆمان دەردەکەوێت قەبارەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی (304895) کەس بووە، و دابەشبووە بەسەر سەرجەم پێکهاتەکاندا، و بەجۆرێك قەبارەی نەتەوەی کورد (300626) کەس بووە بەرێژەی (98,6%) لەکۆی گشتی پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای سلێمانی، قەبارەی نەتەوەی عەرەب (3049) کەس بووە بەرێژەی (1%)، قەبارەی نەتەوەی تورکمان (305) کەس بووە بەرێژەی (0,01%)، قەبارەی ئەوانیتر (610) کەس بووە بەرێژەی (0,02%)، لەکۆی گشتی پێکهاتەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی.

کەواتە دەتوانین بڵێین پارێزگای سلێمانی پلەی یەکەمی هەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی کورد، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پارێزگاکە بووەتە سومبلی شوناسی نەتەوەی کورد، ئەمەش لەرێگەی بەراوردکردنی پێکهاتەی نەتەوایەتی پارێزگای سلێمانی بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك بۆ سەرژمێری(1957 و 1965) پارێزگای دهۆك وەك پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵ کراوە کەپێکهاتوە لە هەریەکە لە قەزاکانی(دهۆك، زاخۆ، ئامێدی ، ئاکرێ) ژمارەی دانیشتوانیان دەرهێنراوە لە پارێزگای موصل(نەینەوا) لە چوارچێوەی پارێزگای دهۆك مامەڵەی لەگەڵ کراوە.(محمد، 2005،ص 24، محەمەد،2000،ل38-56) و هەرێمی کوردستان بەدیار دەکەوێت، بەسەرنجدان لە خشتەکانی (2، 3، 4، 5) بۆمان دەردەکەوێت، کە قەبارەی پێکهاتەی نەتەوەی کورد بەجیاوازی (27243) کەس و بەرێژەی (9,6%) لە پارێزگای هەولێر، بەجیاوازی (90882) کەس بەرێژەی (19,7%) لەپارێزگای دهۆك، و بەرێژەی (9,3%) لە هەرێمی کوردستان، پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی لەپێشترە بەراورد بە هەریەکە لە پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، ئەمە لەکاتێکدا لەسەر ئاستی نەتەوەی عەرەب پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (14721) کەس و بەرێژەی (5,5%) لە پارێزگای هەولێر، بەجیاوازی (24899) کەس و بەرێژەی (9,5%) لە پارێزگای دهۆك، و بەرێژەی (4,8%) لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب لەپارێزگای سلێمانی کەمترە. سەبارەت بەپێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی (6529) کەس بەرێژەی (2,3%) لەپارێزگای هەولێر.

خشتەی(2) ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی نەتەوەیی لە پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی1957-2024

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | ژ.دانیشتوانی کورد | % | ژ.دانیشتوانی عەرەب | % | ژ.دانیشتوانی تورکمان | % | ژ.دانیشتوانی سریان | % | ژ.دانیشتوانی ئەوانی تر | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 304895 | 300626 | 98,6 | 3049 | 1 | 305 | 0,1 | 305 | 0,1 | 610 | 0,2 |
| 1965 | 399768 | 345299 | 86,4 | 52591 | 13,1 | 494 | 0,1 | - | - | 1384 | 0,4 |
| 1977 | 689119 | 647290 | 93,93 | 37695 | 5,47 | 896 | 0,13 | 482 | 0,07 | 2756 | 0,4 |
| 1987 | 951723 | 893954 | 93,93 | 52060 | 5,47 | 1237 | 0,13 | 666 | 0,07 | 3806 | 0,4 |
| 2009 | 1784853 | 1676516 | 93,93 | 97632 | 5,47 | 2321 | 0,13 | 1248 | 0,07 | 7138 | 0,4 |
| 2024 | 2502904 | 2350989 | 93,93 | 136909 | 5,47 | 3254 | 0,13 | 1751 | 0,07 | 10010 | 0,4 |

کاری توێژەران پشت بەست بە: 1- طالب،جزا توفيق، المقومات الجيوبولتكية للأمن القومي في إقليم كردستان،مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه ، السليمانيه، 2005. ص 243-252 2- تالب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، 1999، ل181-233.

3- غەفور، عەبدوڵلا، ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دووەم، 2000، ل72-82

4- پاشکۆی(1) و سەرچاوەی (2و3) خشتەی (1)

خشتەی (3) ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر لە ماوەی ساڵانی1957-2024

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی پارێزگای هەولێر | ژ.دانیشتوانی کورد | % | ژ.دانیشتوانی عەرەب | % | ژ.دانیشتوانی تورکمان | % | ژ.دانیشتوانی سریان | % | ژ.دانیشتوانی ئەوانی تر | % | ماوە | ڕێژەی گەشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 273383 | 243311 | 89 | 17770 | 6,5 | 6834 | 2,5 | 4921 | 1,8 | 547 | 0,2 | 1957-1965 | 3,3 |
| 1965 | 356293 | 303377 | 85,1 | 46915 | 13,2 | 1537 | 0,4 | - | - | 4464 | 1,3 | 1965-1977 | 3,6 |
| 1977 | 541086 | 465334 | 86 | 56273 | 10,4 | 8657 | 1,6 | 9199 | 1,7 | 1623 | 0,3 | 1977-1987 | 3,6 |
| 1987 | 770439 | 662578 | 86 | 80126 | 10,4 | 12326 | 1,6 | 13098 | 1,7 | 2311 | 0,3 | 1987-2009 | 3,7 |
| 2009 | 1706182 | 1467316 | 86 | 177443 | 10,4 | 27298 | 1,6 | 29007 | 1,7 | 5118 | 0,3 | 2009-2024 | 2,6 |
| 2024 | 2509762 | 2158396 | 86 | 261016 | 10,4 | 40154 | 1,6 | 42668 | 1,7 | 7528 | 0,3 | 1957-2024 | 3,4 |

کاری توێژەران پشت بەست بە: 1- پاشکۆی(1) و سەرچاوەی (2و3) خشتەی (1). 2- سەرچاوەکانی(3 و 4 و 5) خشتەی (2) بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی.

خشتەی (4) ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی نەتەوەیی و ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك لە ماوەی ساڵانی1957-2024

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی پارێزگای هەولێر | ژ.دانیشتوانی کورد | % | ژ.دانیشتوانی عەرەب | % | ژ.دانیشتوانی تورکمان | % | ژ.دانیشتوانی سریان | % | ژ.دانیشتوانی ئەوانی تر | % | ماوە | ڕێژەی گەشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 266172 | 209744 | 78,8 | 27948 | 10,5 | 3194 | 1,2 | - | - | 25286 | 9,5 | 1957-1965 | 7,2- |
| 1965 | 15843 | 114924 | 78,8 | 15314 | 10,5 | 1750 | 1,2 | - | - | 13855 | 9,5 | 1965-1977 | 4,6 |
| 1977 | 250283 | 190215 | 76 | 46302 | 18,5 | 501 | 0,2 | 12514 | 5 | 751 | 0,3 | 1977- | 1,8 |

| | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | | | | | | 1987 | |
| 1987 | 293304 | 222911 | 76 | 54261 | 18,5 | 587 | 0,2 | 14665 | 5 | 880 | 0,3 | 1987-2009 | 6,5 |
| 2009 | 1171231 | 890135 | 76 | 216676 | 18,5 | 2345 | 0,2 | 58561 | 5 | 3514 | 0,3 | 2009-2024 | 2,8 |
| 2024 | 1777274 | 1350728 | 76 | 328793 | 18,5 | 88863 | 0,2 | 88863 | 5 | 5333 | 0,3 | 1957-2024 | 2,9 |

کاری توێژەران پشت بەست بە: 1- پاشکۆی(1) و سەرچاوەی (2و3) خشتەی (1). 2- سەرچاوەکانی(3 و 4 و 5) خشتەی (2) بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی.

خشتەی(5)ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ساڵانی 1957-2024

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ژ.دانیشتوانی کورد | % | ژ.دانیشتوانی عەرەب | % | ژ.دانیشتوانی تورکمان | % | ژ.دانیشتوانی سریان | % | ژ.دانیشتوانی ئەوانی تر | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 844450 | 753681 | 89,3 | 48767 | 5,4 | 10333 | 1,2 | 5226 | 0,6 | 26443 | 3,1 |
| 1965 | 901904 | 763600 | 84,7 | 114820 | 12,7 | 3781 | 0,4 | - | - | 19703 | 2,2 |
| 1977 | 1480488 | 1302839 | 88 | 140270 | 9,5 | 10054 | 0,7 | 22195 | 1,5 | 5130 | 0,3 |
| 1987 | 2015466 | 1773623 | 88 | 190957 | 9,5 | 13687 | 0,7 | 30215 | 1,5 | 6984 | 0,3 |
| 2009 | 4662266 | 4102824 | 88 | 441730 | 9,5 | 31662 | 0,7 | 69895 | 1,5 | 16155 | 0,3 |
| 2024 | 6774339 | 5961462 | 88 | 641840 | 9,5 | 460005 | 0,7 | 101559 | 1,5 | 23474 | 0,3 |

کاری توێژەران پشت بەست بە:

1- پاشکۆی(1) و سەرچاوەی (2و3) خشتەی (1). 2- سەرچاوەکانی(3 و 4 و 5) خشتەی (2) بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی.

و بە جیاوازی (2889) کەس بەڕێژەی (1%) لەپارێزگای دهۆك، بەڕێژەی (1%) جیاوازی لەهەرێمی کوردستان پارێزگای سلێمانی نەتەوەی کوردی کەمترە. لەسەر ئاستی نەتەوەی سریان پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (4616) کەس و بەڕێژەی (1,6%) لە پارێزگای هەولێر، و بەڕێژەی (0,4%) لەهەرێمی کوردستان پێکهاتەی سریان لەپترێزگای سلێمانی کەمترە. سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی ئەوانیتر پارێزگای سلێمانی بەجیاوای (63) کەس لەگەڵ پارێزگای هەولێر، و بەجیاوازی (24676) کەس لەگەڵ پارێزگای دهۆك، بەڕێژەی (2,9%) لەگەڵ هەرێمی کوردستان پارێزگای سلێمانی کەمترە. لەو لێکۆڵینەوەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت لەسەرژمێری ساڵی (1957) پارێزگای سلێمانی پلەی یەکەمی هەیە لەسەر ئاستی پێکهاتەی نەتەوەیی کورد، هەروەها پلەی کۆتایی هەیە لەسەر ئاستی پێکهاتەی عەرەب و توکمان و سریان و ئەوانیتر، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پارێزگای سلێمانی زیاتر شوناسی نەتەوەیی کوردی تێدا بەرجەستە دەبێت.

**2 - پێکهاتەی نەتەوەیی لە ساڵی (1965):-** هەروەك سەرژمێری پێشوو لەم سەرژمێرییەشدا لەسەر ئاستی زمانی دایك پێکهاتەی نەتەوەیی پۆلێنکراوە، لەخشتەی (2)وە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای سلێمانی هاوشێوەی پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان ڕوویداوە، بە ئاراستەی کەمبوونەوەی نەتەوەی کورد

sjh@univsul.edu.iq

و زیادبوونی نەتەوەی عەرەب، ئاشکرایە ئەم سەرژمێرییە لەبارودۆخێکی نالەباری سیاسی و سەربازیدا ئەنجامدراوە، لەسیستەمی حکومڕانی عێراق لەپاشاییەوە بۆ کۆماری و هاتنە سەر حکومی بەعس و هەوڵدان بۆ پاکتاوی نەتەوەی کورد و تۆمارنەکردنی بەشێکی ناوچەکانی هەرێمی کورستان و پێشخستنی سەرژمێری بۆ ساڵی (1965)، کە دەبووایە لەکاتی خۆیدا ساڵی (1967) بکرایە، هەروەها سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول و جووڵانەوەی کورد لە هەرێمی کوردستاندا دەستی حکومەتی عێراقی واڵاکرد، کە سەرژمێری پێکهاتەکان لەبەرژەوەندی نەتەوەی عەرەب یەکلا بکاتەوە لەسەر حسابی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر لەهەرێمی کوردستاندا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەتوانین بڵێین پارێزگای سلێمانی هەر پێشەگ و پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە پێکهاتەی نەتەوەی کورد بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، بەجۆرێك لەو سەرژمێرییەدا قەبارەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی (399768) کەس بووە، و تێیدا پێکهاتەی نەتەوەی کورد (345299) کەس بووە بەڕێژەی (86,4%) لەکۆی گشتی پێکهاتەی نەتەوایەتی دانیشتووانی پارێزگاکە، هەرچەندە بەڕێژەی (12,2%) کەمیکردووە بەراورد بەسەرژمێری پێشوو، بەڵام هێشتا هەر بەپلەی یەکەم دێت، ئەمە لەکاتێکدا پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب بە قەبارەی (52591) کەس بەڕێژەی (13,1%) بووە، کەواتە بەجیاوای (12,1%) نەتەوەی عەرەب زیادیکردووە بەراورد بەسەرژمێری پێشوو، بەورد بوونەوە لە ژمارە و ڕێژەکان ئەوە ڕووندەبێتەوە کە ئەو زیادبوونەی نەتەوەی عەرەب لەسەر حسابی نەتەوەی کورد بووە. چونکە لەم قۆناغەدا بەنزیکەی ڕێژەی چەند کورد کەمیکردووە ئەوەندە نەتەوەی عەرەب زیادیکردووە. سەبارەت بەپێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان قەبارەی (494) کەس بووە بەڕێژەی (0,1%)، و ئەوانیتر بە قەبارەی (1383) بەڕێژەی (0,4%). بەسەرەنجدان لە خشتەکانی (2، 3، 4، 5) بۆمان دەردەکەوێت،ئەگەر پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای سلێمانی بەراورد بکەین بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کورستان، بۆمان دەردەکەوێت کە قەبارەی نەتەوەی کورد بەجیاوازی (41922) کەس و بەڕێژەی (1,3%) لەپارێزگای هەولێر، و بە جیاوازی (230375) کەس و بەڕێژەی (7,6%) لە پارێزگای دهۆك، و بەڕێژەی (1,7%) لە هەرێمی کوردستان، پێکهاتەی نەتەوەی کورد لەپارێزگای سلێمانی زیاترە، ئەم ئەنجامانە پێمان دەڵێن کە پارێزگای سلێمانی لەم سەرژمێرییەشدا سەرەڕای گومان لەسەر قەبارەی نەتەوەی کورد، بەڵام بووەتە ناوچەیەك کە شوناسی کورد بە تەواوی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە. سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوای (5676) کەس بەڕێژەی (0,1%) لە پارێزگای هەولێر کەمترە، و بەجیاوازی (37277) کەس و بەڕێژە (2,6%) لە پارێزگای دهۆك، و بەڕێژەی (0,4%) لە هەرێمی کوردستان زیاترە، هۆکاری ئەوەش پێشتر ڕوونکراوەتەوە. سەبارەت بەپێکهاتەی تورکمان لەپارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (1043) کەس و بەڕێژەی (-0,3%) لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (1256) کەس بەڕێژەی (-1,1%) لەپارێزگای دهۆك و بەجیاوازی(-0,3%) لە هەرێمی کوردستان، پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان لە پارێزگای سلێمانی کەمترە بەراورد بە پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان. هەرچی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەوانیتر هەیە، بەجیاوازی (3080) کەس بەڕێژەی (-0,9%) لەپارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (12471) کەس بەڕێژەی (-9,1%) لە پارێزگای دهۆك و بەجیاوازی (-1,8%)، پێکهاتەی نەتەوەیی ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی کەمترە.

کەواتە دەتوانین بڵێین سەرەڕای هەڵەوکەموکوڕی و گۆمان لەداتاو ژمارەکانی پێکهاتەی نەتەوەیی لەپارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان، بەڵام دەرئەنجام گەیشتووین بەوەی کە پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی پێکهاتەی نەتەوەیی پلەی یەکەمی هەیە، هەروەها جگە لە نەتەوەی عەرەب، بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی تر پارێزگای سلێمانی بە قەبارەو ڕێژەی جیاواز کەمتر و لەدواترە بەراورد بە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان.کەواتە پارێزگای سلێمانی بەهۆی زۆری قەبارەی کورد و کەمی قەبارەی نەتەوەکانی تر بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر ودهۆك و هەرێمی کوردستان، دەتوانین بڵێین زیاتر شوناسی کورد تێیدا ڕەنگیداوەتەوە و نموونەیە بۆ پێکهاتەی نەتەوەی کورد.

**3 - پێکهاتەی نەتەوەیی لە ساڵی (1977):-** لەم سەرژمێرییەدا بۆ یەکەمجار بە فەرمی پێکهاتەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەستنیشانکرا، سەرەڕای هەڵە و کەموکەڕی و گومان لە ڕاست و دروستی داتا و ژمارەکان، سەبارەت بەپێکهاتەی نەتەوەیی کورد و پێکهاتەکانی تر، بەڵام لە عێراقدا یەکێکە لەو ئامارانەی کە ئەنجامدراوە تاڕادەیەك بەرچاو ڕوونیمان دەداتێ سەبارەت بەپێکهاتەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا، بەتێبینی لە خشتەی (2) بۆمان دەردەکەوێت کە قەبارەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی (689119) کەس بووە بە سەرجەم پێکهاتەکانیەوە، بەجۆرێك قەبارەی نەتەوەی کورد تێیدا (647290) کەس بووە بەڕێژەی (93,93%) بەپلەی یەکەم دێت، بەپلەی یەکەم دێت لەسەر ئاستی پارێزگاکە و هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، بەراورد بە سەرژمێری ڕابردووە ڕێژەی (7,53%) پێکهاتەی نەتەوەی کورد ڕووی لەبەرزبوونەوە کردووە، کە تاڕادەیەك ژمارە و ڕێژەکان نزیکترن لە

sjh@univsul.edu.iq

ڕاستییەوە. سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب قەبارەی (37695) کەس بووە بەڕێژەی (5,47%)، بەمەش بەراورد بەسەرژمێری پێشوو بەڕێژەی (-7,63%) ڕووی لە کەمبوون کردووە، بەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ژمارە و ڕێژەی عەرەب بەمەبەست زیادکراوە لەسەر ژمێری پێشوودا. سەبارەت بەپێکهاتەی نەتەوەیی تورکمان بەجۆرێکە قەبارەکەی (896) کەس بەڕێژەی (0,13%) بووە، بەجیاوازی (402) کەس و بەڕێژەی (-0,03%) کەمیکردووە، کۆمەڵەی سریان قەبارەی (482) کەس بووە بەڕێژەی (0,07%)، و ئەوانیتر قەبارەیان (2756) کەس بووە بەڕێژەی (0,4%) لەکۆی گشتی پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای سلێمانی.

کەواتە پێکهاتەی نەتەوەیی کورد ژمارە و ڕێژەکەی بەرزە و بەپلەی یەکەم دێت، بووەتە ناسناوی نەتەوەیی کورد لە پارێزگاکە و تەنانەت هەرێمی کوردستان، بەمەش شوناسی کوردی پێدەناسرێتەوە و بەرجەستە دەبێت، بەسەرەنجدان لە خشتەکانی (2، 3، 4، 5) بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر ژمارە و ڕێژەی نەتەوەیی پارێزگای سلێمانی بەراورد بە ژمارە و ڕێژەی نەتەوەیی پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە پێکهاتەی نەتەوەی کورد بەجیاوای ڕێژەیی (7,93%) لەگەڵ پارێزگای هەولێر و (18%) لەگەڵ پارێزگای دهۆك و (5,93%) لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕێژەی نەتەوەی کورد زیاترە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە سلێمانی لە پێشی هەموویانەوەیە و دەتوانرێت وەك شوناسی کورد لە هەرێمی کوردستاندا لێی بڕوانرێت، سەبارەت بە پێکهاتەکانی تر بەجۆرێکە کە نەتەوەی عەرەب لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (-4,93%) لەپارێزگای هەولێر، و بەڕێژەی (-13,03%) لە پارێزگای دهۆك، بەڕێژەی (-4,03%) لە هەرێمی کوردستان کەمترە. هەروەها پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (-1,47%) لە پارێزگای هەولێر و (-0,07%) لە پارێزگای دهۆك و (-0,57%) لە هەرێمی کوردستان کەمترە. ئەمە لەکاتێکدا کۆمەڵەی سریان لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (-1,63%) لە پارێزگای هەولێر و (-4,93%) لە پارێزگای دهۆك و (-1,43%) لە هەرێمی کوردستان کەمترە. هەروەها ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (0,1%) لە پارێزگای هەولێر و (0,1%) لە پارێزگای دهۆك و (0,1%) لە هەرێمی کوردستان زیاترە. ئەمەش سەرەنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە زیادکردنی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەوانیتر بۆ مەبەستی کەمکردنەوەی نەتەوەی کورد کرابێت، بەڵام لە هەموو باروذۆخێکدا ژمارە و ڕێژەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازییەکی زۆر لەپێش نەتەوەکانی ترەوەیە، بەمەش زیاتر گوزارشت لە شوناسی نەتەوەیی کورد دەکات بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان.

**4 - پێکهاتەی نەتەوەیی لە ساڵی (1987):** - لەم سەرژمێرییەدا لەبەر نەبوونی داتا و ئامار لەسەر پێکهاتەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی، بۆیە پشت بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووان لەنێوان هەردوو سەرژمێری (1977) و (1987) بەستراوە، بۆیە تەنها ئاماژە بە قەبارەی پێکهاتەی نەتەوەیی دەکەین لەم سەرژمێرییەدا. بەتێبینیکردن لەخشتەی (2)، بۆمان دەردەکەوێت کە قەبارەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی گەیشتۆتە (951723) کەس، بەم پێیەش قەبارەی پێکهاتەی نەتەوەیی لە پارێزگای سلێمانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك پێکهاتەی نەتەوەی کورد گەیشتۆتە (893954) کەس، بەجیاوازی (246664) کەس ڕووی لەزیادبوون کردووە، پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب بووە بە (52060) کەس، بەجیاوازی (14365) کەس زیادی کردووە، پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان گەیشتۆتە (1237) کەس بەجیاوازی (341) زیادی کردووە، پێکهاتەی کۆمەڵەی سریان گەیشتۆتە (666) کەس بەجیاوازی (184) کەس زیادی کردووە، پێکهاتەی نەتەوەی ئەوانیتر گەیشتۆتە (3806) کەس بەجیاوازی (1050) کەس زیادی کردووە، بەراورد بە سەرژمێری ساڵی (1977). بەسەرەنجدان لە خشتەکانی (2، 3، 4، 5) ،بە تێبینی کردن لە قەبارەی نەتەوەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە پێکهاتەی نەتەوەی کورد بەڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لەزیادبوون بووە، ئەگەر بەراوردی پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك، دەبینین بە جیاوازی (231376) کەس لە پارێزگای هەولێر و (671043) کەس لە پارێزگای دهۆك زیاترە. سەبارەت بە پێکهاتەی عەرەب بە جیاوازی (28066) کەس لە پارێزگای هەولێر و (2201) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. ئەمەش ئاماژەیەکی تری زاڵبوونی نەتەوەی کوردە لە پارێزگای سلێمانی بەراورد بە نەتەوەی عەرەب لە هەردوو هەولێر و دهۆکدا، ئەمەش شوناسی نەتەوەیی کورد لە پارێزگای سلێمانیدا تۆختر دەکاتەوە. سەبارەت بە پێکهاتەی تورکمان لە پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (11089) کەس لە پارێزگای هەولێر کەمترە، و بەجیاوازی (650) کەس لە پارێزگای دهۆك زیاترە. هەروەها کۆمەڵەی سریان لە پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (12432) کەس لە پارێزگای هەولێر و (13999) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. سەبارەت بە قەبارەی پێکهاتەی نەتەوەیی ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (1495) کەس لە پارێزگای هەولێر و (2926) کەس لە پارێزگای دهۆك زیاترە. بەم پێیەش بێت قەبارەی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (1773621) کەس لەسەرژمێری

(1987)، کەواتە بەجیاوازی (470782) کەس لەسەرژمێری (1977) زیاترە بڕوانە خشتەی (5)، بەڵام دەتوانین بڵێین بە قەبارەیەکی زۆر پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك زیاترە، و بەڕێژەیەکی کەم جگە لە نەتەوەی عەرەب کە کەمترە، بەراورد بە پارێزگای هەولێر و دهۆك پێکهاتەکانی تر لە پارێزگای سلێمانی لە پێشترە بەڕێژەیەکی کەم، کە دەتوانین بڵێین کاری نەکردۆتە سەر پێکهاتەی نەتەوەیی لەپارێزگای سلێمانی، بەڵکو پێکهاتەی نەتەوەی کورد قەبارەی زۆرە و بووەتە ناسنامەی پارێزگاکە، تەنانەت شووناسی کوردبوونی تێدا بەڕوونی دەردەکەوێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.


**5 - پێکهاتەی نەتەوەیی لە ساڵی (2009):-** هەروەك سەرژمێری پێشوو ئەم ئامارە بەشێوەی ژمارە لێدان و گەماڕۆسازی کراوە، بۆیە ئاماری ساڵی (2009)یش هیچ ئاماژەیەکی نەتەوەیی تێدا نییە، بۆیە دیسان پشت بەڕێژەی گەشەی دانیشتووان بەستراوە لەنێوان (1987) و (2009)دا، بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی دانیشتووان لە پارێزگای سلێمانی (3,7%) و بۆ پارێزگای هەولێر (3%) بۆ پارێزگای دهۆك (6,5%) بۆ هەرێمی کوردستان بەگشتی (3,9%) بووە. بەتێبینی لە خشتەی (2) بۆمان دەردەکەوێت کە قەبارەی دانیشتووان لە پارێزگای سلێمانی گەیشتۆتە (10784853) کەس، کە تێیدا قەبارەی نەتەوەی کورد گەیشتۆتە (1676516) کەس بەجیاوازی (782562) کەس بەراورد بە سەرژمێری (1987) ڕوو لە زیادبوون بووە، قەبارەی نەتەوەی عەرەب گەیشتۆتە (97632) کەس بەجیاوازی (45572) کەس زیادی کردووە، پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان گەیشتۆتە (2321) کەس بەجیاوای (1084) کەس زیادیکردووە. پێکهاتەی کۆمەڵەی سریان گەیشتۆتە (1248) کەس بەجیاوازی (582) کەس زیادیکردووە. هەروەها پێکهاتەی نەتەوەی ئەوانیتر گەیشتۆتە (7138) کەس بەجیاوازی (3332) کەس زیادیکردووە.

بەسەرەنجدان لە خشتەکانی (2، 3، 4، 5) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی قەبارەی نەتەوەیی کورد لەم ئامارەدا لە پارێزگای سلێمانی بە قەبارەیەکی زۆر لە پێشتری نەتەوەکانی ترە، بەجۆرێك لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (209200) کەس لە پارێزگای هەولێر و (786381) کەس لەپارێزگای دهۆك زیاترە. ئەمەش ئاماژەیەك ترە بۆ نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی زیاتر شوناسی کوردی هەڵگرتووە بەراورد بە هەرێم و عێراق و پارێزگاکانی تر، سەبارەت بە نەتەوەی عەرەب لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (79811) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (119044) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. هەرچی پێکهاتەی نەتەوەی تورکمانە لە پارێزگای سلێمانی بەجۆرێکە بەجیاوازی (24977) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (24) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە، هەروەها پێکهاتەی کۆمەڵەی سریان لە پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (27795) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (57313) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. هەرچی پێکهاتەی ئەوانی تر هەیە بە جیاوازی (2020) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (3624) کەس لە پارێزگای دهۆك زیاترە بەراورد بە پارێزگای سلێمانی.

لەم ئامارەدا پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (4102824) کەس، بەمەش بەراورد بە سەرژمێری (1987) نەتەوەی کورد بەجیاوازی (329201) کەس ڕووی لە زیادبوون بووە بڕوانە خشتەی (5). دەبینین لەم ئامارەدا پێکهاتەی نەتەوەی کورد بەڕێژەیەکی زۆر زیادیکردووە، بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك زۆر لە پێشترە، ئەمەش ئاماژەیەکی تری بەهێزی شوناسی کورد لەم پارێزگایەدا. کەواتە لێرەشدا دەتوانین بڵێین پارێزگاکە نموونەیەکە بۆ ناسناوی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان.

**6 - پێکهاتەی نەتەوەیی لە ساڵی (2024):-** ئەم ئامارە بەپشت بەستن بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی بەستراوە، کە دەکاتە (2,3%) تەنها بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی کراوە، بەجۆرێك بۆ پێکهاتەی نەتەوەیی هەمان ڕێژەی ساڵی (1977)ی هەیە، لەبەرئەوەی وەك پێشووتر هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای سلێمانی قەبارەی پێکهاتەکە دەکەینە بنەما بۆ دیاریکردنی قەبارەی پێکهاتەکان.

نەخشەی(2)
دابەشبوونی جوگرافی بۆ ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان




کاری توێژەران پشت بەست بە:-

1- خشتەی(2، 3، 4،5 ) 2- بەکارهێنانی بەرنامەی Gis10.8.2

هەروەها بۆ زانینی پێکهاتەی نەتەوەیی پشت بەڕێژەی گەشەی ساڵانەی نێوان ئامارەکانی (2009) و (2024) بەستراوە. بەجۆرێك ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر دەکاتە (2,6%) و پارێزگای دهۆك دەکاتە (2,8%) و هەرێمی کوردستان دەکاتە (2,5%). بەتێبینی کردن لە خشتەی (2) دەردەکەوێت کە قەبارەی دانیشتووانی پارێزگای سلێمانی گەیشتۆتە (2502904) کەس، بەجیاوازی (718051) کەس زیادی کردووە بەراورد بە ئاماری ساڵی (2009)، کە تێیدا قەبارەی پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی گەیشتۆتە (2350980) کەس بەجیاوازی (674464) کەس زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی (2009). سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب گەیشتۆتە (136909) کەس بەجیاوازی (39286) کەس زیادی کرووە، هەروەها پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان گەیشتۆتە (3254) کەس بەجیاوازی (933) کەس زیادی کردووە. هەروەها ژمارەی کۆمەڵەی سریان گەیشتۆتە (1751) کەس بەجیاوازی (503) کەس زیادی کردووە. جگە لەوانە پێکهاتەی نەتەوەی ئەوانیتر گەیشتۆتە (10010) کەس بەجیاوازی (2872) کەس زیادی کردووە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و زۆر لەپێشتری نەتەوەکانی ترەوەیە، هەرچی پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگای سلێمانییە بەراورد بە پێکهاتەی نەتەوەیی پارێزگاکانی تری هەولێر و دهۆك، لە خشتەکانی (2، 3، 4، 5) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (192584) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (1000252) کەس لە پارێزگای دهۆك زیاترە. ئەمەش

sjh@univsul.edu.iq

ئاماژەیەکی تری نەتەوایەتی نەتەوەی کوردە لە پارێزگای سلێمانی کە وەك شوناسی کورد بەراورد بە هەرێم و عێراق و پارێزگاکانی تر تەماشا بکرێت. سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەی عەرەب لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (124107) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (191884) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. هەروەها پێکهاتەی نەتەوەی تورکمان لەپارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (36900) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (303) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. جیاواز لەوان پێکهاتەی کۆمەڵەی سریان لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (40917) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (87112) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. هەروەها پێکهاتەی نەتەوەی ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (2482) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (4677) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. کەواتە لەم ئامارەدا پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە (5961462) کەس بەراورد بە ئاماری (2009)، کەواتە قەبارەی نەتەوەی کورد بەجیاوازی (1858638) کەس زیادی کردووە لە هەرێمی کوردستان، بڕوانە خشتەی (5). هەروەها لەم ئامارەدا پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی بە قەبارەیەکی زۆر لەپێش پارێزگاکانی هەولێر و دهۆکەوەیە، هەرلەبەر ئەمە کە دەتوانین بڵێین ئەم زۆرییەی پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە پارێزگای سلێمانی وایکردووە کە ببێتە ناسناوی بەراورد بە عێراق و هەرێم و پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك. هەروەها دەتوانین بڵێین پێکهاتەکانی عەرەب و تورکمان و سریان و ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی کەمترە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگ و ڕوونە کە پارێزگاکە بووەتە شوناسی نەتەوەی کورد بەراورد بە هەرێم و عێراق و تەنانەت هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆکیش.

**تەوەری دووەم/ پێکهاتەی ئایینی لە پارێزگای سلێمانی لەساڵی (1957 - 2024):**

ئەم تەوەرەیە تیشك دەخاتە سەر پێکهاتەی ئایینی لە پارێزگای سلێمانی، وەك بەشێك لە پێکهاتەی ئەسنۆگرافی، لەڕێگەی بەراورد کردنی هەریەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، ڕەنگدانەوەی لەسەر ناسنامەی ئاستی پارێزگاکە و دواتر ڕۆڵی لە شوناسی نەتەوەیی و ئایینی پارێزگاکە لەسەر ئاستی هەرێم دەخەینەڕوو، بەم شێوەیە:

**1 - پێکهاتەی ئایینی لە ساڵی (1957):-** لەم سەرژمێرییەدا بە سەرەنجدان لە خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی موسڵمان لە پارێزگای سلێمانی بەجۆرێکە لە قەبارەی (302761) کەس بەڕێژەی (99,3%) لە کۆی پارێزگاکەی پێکهێناوە بەپلەی یەکەم دێت، و پێکهاتەی مەسیح بەقەبارەی (1829) کەس بەڕێژەی (0,6%)، و پێکهاتەی یەزیدی بە قەبارەی (21) و بەڕێژەی (0,07%)، پێکهاتەی ئەوانیتر بەقەبارەی (284) و بەڕێژەی (0,93%)، لەکۆی گشتی پێکهاتەی پارێزگای سلێمانیان پێکهێناوە. بەسەرەنجدان لە خشتەکانی (6، 7، 8، 9) و نەخشەی (3) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی موسڵمان بەجیاوازی (37033) کەس و بەڕێژەی (2,1%) لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (99139) کەس بەڕێژەی (22,8%) لە پارێزگای دهۆك پێکهاتەی مۆسڵمان لە پارێزگای سلێمانی زیاترە. هەروەها بەڕێژەی (7,9%) لە پێکهاتەی ئایینی هەرێمی کوردستان زیاترە. سەبارەت بە پێکهاتەی مەسیحی بەجیاوازی (-2%) لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (-19,5%) لە پارێزگای دهۆك و بەجیاوازی (-6,8%) لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەی مەسیحی لە پارێزگای سلێمانی کەمترە، هەروەها پێکهاتەی یەزیدی و ئەوانیتر بەجیاوازی (0,07%) و (-0,1%) لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (-3,3%) و (-0,21%) لە پارێزگای دهۆك و بەجیاوازی (-0,93%) و (-0,11%) لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەی یەزیدی و ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی کەمترە. ئەمەش ئاماژەیەکی ئاشکرایە کە پارێزگاکە بە پلەی یەکەم دێت لە ڕووی پێکهاتەی موسڵمانەوە بەراورد بە پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، کەمی ڕێژەی یەزیدی و ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، وەك نموونەیەکی پێکهاتەی ئایینی موسڵمانی نەتەوەی کورد دەردەکەوێت.

**2 - پێکهاتەی ئایینی لە ساڵی (1965):** لەم ساڵەدا بە تێبینیکردن لە خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی موسڵمان لە پارێزگای سلێمانی بەجۆرێکە لە قەبارەی (374591) کەس بەڕێژەی (98,7%) لە کۆی پارێزگاکەی پێکهێناوە بەپلەی یەکەم دێت،

sjh@univsul.edu.iq

خشتەی(6) ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی ئایینی لە پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەی ساڵانی1957-2024

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | ژ.دانیشتوانی موسڵمان | % | ژ.دانیشتوانی مەسیحی | % | ژ.دانیشتوانی یەزیدی | % | ژ.دانیشتوانی ئەوانی تر | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 304895 | 302761 | 99,3 | 1829 | 0,6 | 21 | 0,007 | 284 | 0,093 |
| 1965 | 399768 | 394571 | 98,7 | 1999 | 0,5 | 40 | 0,01 | 3158 | 0,79 |
| 1977 | 689119 | 686914 | 99,68 | 1240 | 0,18 | 69 | 0,01 | 896 | 0,13 |
| 1987 | 951723 | 948678 | 99,68 | 1713 | 0,18 | 95 | 0,01 | 1237 | 0,13 |
| 2009 | 1784853 | 1779143 | 99,68 | 3212 | 0,18 | 179 | 0,01 | 2321 | 0,13 |
| 2024 | 2502904 | 2494895 | 99,68 | 4504 | 0,18 | 251 | 0,01 | 3254 | 0,13 |

کاری توێژەران پشت بەست بە: 1- پاشکۆی(1) 2- سەرچاوەی(3) و خشتەی(1) 3- سەرچاوەکانی(1،2،3) خشتەی(2) بۆ پێکهاتەی ئاینیی

خشتەی (7) ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی ئایینی پارێزگای هەولێر لە ماوەی ساڵانی1957-2024

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی پارێزگای هەولێر | ژ.دانیشتوانی موسڵمان | % | ژ.دانیشتوانی مەسیحی | % | ژ.دانیشتوانی یەزیدی | % | ژ.دانیشتوانی ئەوانی تر | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 273383 | 265728 | 97,2 | 7108 | 2,6 | 27 | 0,01 | 520 | 0,19 |
| 1965 | 356293 | 345604 | 97 | 8515 | 2,39 | 36 | 0,01 | 2138 | 0,6 |
| 1977 | 541086 | 529723 | 97,9 | 10822 | 2 | 54 | 0,01 | 487 | 0,09 |
| 1987 | 770439 | 754260 | 97,9 | 15409 | 2 | 77 | 0,01 | 693 | 0,09 |
| 2009 | 1706182 | 1670352 | 97,9 | 34124 | 2 | 170 | 0,01 | 1536 | 0,09 |
| 2024 | 2509762 | 2457056 | 97,9 | 502197 | 2 | 250 | 0,01 | 2259 | 0,09 |

کاری توێژەران پشت بەست بە: 1- پاشکۆی(1) 2- سەرچاوەی(3) و خشتەی(1) 3- سەرچاوەکانی(1،2،3) خشتەی(2) بۆ پێکهاتەی ئاینیی.

خشتەی(8) ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی ئایینی لە پارێزگای دهۆك بۆ ماوەی ساڵانی1957-2024

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی پارێزگای هەولێر | ژ.دانیشتوانی موسڵمان | % | ژ.دانیشتوانی مەسیحی | % | ژ.دانیشتوانی یەزیدی | % | ژ.دانیشتوانی ئەوانی تر | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 266172 | 203622 | 76,5 | 53501 | 20,1 | 8251 | 3,1 | 798 | 0,3 |
| 1965 | 15843 | 119445 | 81,9 | 19835 | 13,6 | 4959 | 3,4 | 1604 | 1,1 |
| 1977 | 250283 | 223503 | 89,3 | 16518 | 6,6 | 9511 | 3,8 | 751 | 0,3 |
| 1987 | 293304 | 261920 | 89,3 | 19357 | 6,6 | 11146 | 3,8 | 880 | 0,3 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2009 | 1171231 | 1045911 | 89,3 | 77298 | 6,6 | 44508 | 3,8 | 3514 | 0,3 |
| 2024 | 1777274 | 1587108 | 89,3 | 117295 | 6,6 | 67538 | 3,8 | 5333 | 0,3 |

کاری توێژەران پشت بەست بە: 1- پاشکۆی(1) 2- سەرچاوەی(3) و خشتەی(1) 3- سەرچاوەکانی(1،2،3) خشتەی(2) بۆ پێکهاتەی ئایینی

خشتەی(9) ژمارەو ڕێژەی دانیشتوان بەپێی پێکهاتەی ئایینی لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ساڵانی1957-2024

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی هەرێمی کوردستان | ژ.دانیشتوانی موسڵمان | % | ژ.دانیشتوانی مەسیحی | % | ژ.دانیشتوانی یەزیدی | % | ژ.دانیشتوانی ئەوانی تر | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1957 | 844450 | 772111 | 91,4 | 62438 | 7,4 | 8299 | 1 | 1602 | 0,2 |
| 1965 | 901904 | 895620 | 95,3 | 30349 | 3,4 | 5035 | 0,5 | 6900 | 0,8 |
| 1977 | 1480488 | 1440140 | 97,3 | 28580 | 1,9 | 9634 | 0,7 | 2134 | 0,1 |
| 1987 | 2015466 | 1960538 | 97,3 | 38908 | 1,9 | 13115 | 0,7 | 2905 | 0,1 |
| 2009 | 4662266 | 4535204 | 97,3 | 90003 | 1,9 | 30339 | 0,7 | 6720 | 0,1 |
| 2024 | 6774339 | 6589717 | 97,3 | 130775 | 1,9 | 44083 | 0,7 | 9764 | 0,1 |

کاری توێژەران پشت بەست بە: 1- پاشکۆی(1) 2- سەرچاوەی(3) و خشتەی(1) 3- سەرچاوەکانی(1،2،3) خشتەی(2) بۆ پێکهاتەی ئایینی

و پێکهاتەی مەسیح بەقەبارەی (1999) کەس بەڕێژەی (0,5%)، و پێکهاتەی یەزیدی بە قەبارەی (40) و بەڕێژەی (0,01%)، پێکهاتەی ئەوانیتر بەقەبارەی (3158) و بەڕێژەی (0,79%)، لەکۆی گشتی پێکهاتەی پارێزگای سلێمانیان پێکهێناوە. بەراورد بە ساڵی (1957) ڕێژەی موسڵمان بەجیاوازی (-0,6%) و پێکهاتەی مەسیحی بەجیاوازی (-0,1%) ڕوو لەکەمبوون بووە، لەبەرانبەردا پێکهاتەی ئایینی یەزیدی و ئەوانیتر بەڕێژەیەکی کەم زیادیان کردووە. هەروەك پێشتر ئاماژەی بۆکراوە، لەسەر ژمێری (1965)دا هەڵە و کەم و کورتی زۆری تێدایە، چونکە لەباری نا ئاسایی سیاسی و سەربازیدا ئەنجامدراوە، بەسەرەنجدان لە خشتەکانی (6، 7، 8، 9) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی موسڵمان بەجیاوازی (1,7%) لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (16,8%) لە پارێزگای دهۆك پێکهاتەی مۆسڵمان لە پارێزگای سلێمانی زیاترە. هەروەها بەڕێژەی (3,4%) لە پێکهاتەی ئایینی هەرێمی کوردستان زیاترە. سەبارەت بە پێکهاتەی مەسیحی بەجیاوازی (-1,89%) لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (0,19%) لە پارێزگای دهۆك و بەجیاوازی (-0,31%) لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەی مەسیحی لە پارێزگای سلێمانی کەمترە، هەروەها پێکهاتەی یەزیدی وەك خۆی و ئەوانیتر بەجیاوازی (0,19%) زیاترە لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (13,1%) لە پارێزگای دهۆك و بەجیاوازی (-3,39%) لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەی ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی زیاترە. لەدەرئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت کە پێکهاتەی موسڵمانی پارێزگای سلێمانی بەڕێژەیەکی جیاواز لە پێش پێکهاتەی ئایینی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستانەوە، کەواتە دەتوانرێت وەك پارێزگایەکی کوردی موسڵمان بخرێتە پێش و چاو شوناسی ئایینی نەتەوەی کورد دابنرێت.

**3 - پێکهاتەی ئایینی لە ساڵی (1977):** - لەم سەرژمێرییەدا گۆڕانکاری بەرچاو بەسەر ئایینی موسڵمان لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستاندا هاتووە بەراورد بەسەر ژمێری پێشوو، دەتوانین بڵێین تاڕادەیەك داتاکان ڕاسترن وەك لەسەرژمێری پێشوودا، لە خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی موسڵمان لە پارێزگای سلێمانی بەجۆرێکە لە قەبارەی (686914) کەس بەڕێژەی (99,86%) لە کۆی پارێزگاکەی پێکهێناوە بەپلەی یەکەم دێت، و پێکهاتەی مەسیحی بەقەبارەی (1240) کەس بەڕێژەی (0,18%)، و پێکهاتەی یەزیدی بە قەبارەی (69) و بەڕێژەی (0,01%)، پێکهاتەی ئەوانیتر بەقەبارەی (896) و بەڕێژەی (0,13%)، لەکۆی گشتی پێکهاتەی پارێزگای سلێمانیان پێکهێناوە. جگە لە پێکهاتەی موسوڵمان بەڕێژەی (0,98%) ڕووی لە زیادبوون کردووە، پێکهاتەکانی تری وەك مەسیحی و ئەوانیتر بەڕێژەی (-0,32%) و (-0,66%) ڕوویان لەکەمبوون کردووە، بەسەرەنجدان لە خشتەکانی (6، 7، 8، 9) بۆمان دەردەکەوێت، کە پێکهاتەی موسڵمان لە پارێزگای سلێمانی بەراورد بە پارێزگای هەولێر ڕێژەی (1,78%) لە پارێزگای و بەجیاوازی ڕێژەی (10,38%) لە پارێزگای دهۆك. هەروەها بەجیاوای ڕێژەی (2,38%) لە پێکهاتەی ئایینی

هەرێمی کوردستان پێکهاتەی مۆسڵمان لە پارێزگای سلێمانی زیاترە. ئەمەش ئاماژەیەکی تری شوناسی پترێزگای سلێمانییە بۆ پێکهاتەی ئایینی موسڵمانی کورد لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. سەبارەت بە پێکهاتەی مەسیحی بەجیاوازی (-0,02%) کەمترە و یەزیدی وەك یەك و ئەوانیتر کەمێك زیاترە لە پارێزگای هەولێر، لە پارێزگای دهۆك مەسیحی بەجیاوازی (-6,42%) و یەزیدی بەجیاوازی ڕێژەی (-3,72%) و ئەوانیتر بەجیاوازی (-0,17%) لە پارێزگای سلێمانی کەمترە، هەروەها لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەی مەسیحی بەجیاوازی (-1,72%) و یەزیدی بەجیاوازی (-0,69%) لە پارێزگای سلێمانی کەمترە، ئەوانیتریش وەك یەك لە هەرێمی کوردستان و بەراورد بە پارێزگای سلێمانی. کەواتە پارێزگای سلێمانی لەڕووی پێکهاتەی موسڵمان لە پێشتر و زیاترە، بەڵام پێکهاتەی مەسیحی و یەزیدی و ئەوانیترەوە کەمترە بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین پارێزگای سلێمانی نموونەیەکی پێکهاتەی ئایینی موسڵمانی نەتەوەی کورە، شوناسی ئایینی ئیسلام بەرجەستە دەکات، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

**4 - پێکهاتەی ئایینی لە ساڵی (1987)**: - لەم سەرژمێرییەدا لەبەر ئەوەی ئاماژە نەکراوە بە پێکهاتەی ئایینی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی، بۆیە پشت بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووان بۆ دیاریکردنی پێکهاتەی ئایینی. ئەمەش وایکردووە هەمان ڕێژەی ساڵی (1977)ی هەبێت، لەبەر ئەوە لێرەدا تەنها ژمارەی پێکهاتەی ئایینی گۆڕاوە، بۆیە ئێمەش تەنها ئاماژە بە ژمارەی پێکهاتەی ئایینی دەکەین. لەخشتەی (6)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە قەبارەی پێکهاتەی موسڵمان لە پارێزگای سلێمانی گەیشتۆتە (948678) کەس، بەراورد بە سەرژمێری (1977) بەجیاوازی (261764) کەس ڕووی لەزیادبوون کردووە، پێکهاتەی ئایینی مەسیحی بووە بە (1713) کەس، بەجیاوازی (473) کەس زیادی کردووە، پێکهاتەی ئایینی یەزید گەیشتۆتە (95) کەس بەجیاوازی (26) زیادی کردووە، پێکهاتەی ئایینی ئەوانیتر گەیشتۆتە (1237) کەس بەجیاوازی (341) کەس زیادی کردووە، بەراورد بە سەرژمێری ساڵی (1977). لەخشتەکانی (6، 7، 8، 9) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە پێکهاتەی ئایینی موسڵمان لە پارێزگای سلێمانی ڕوو لەزیادبوون بووە، بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك، بەجۆرێك بە جیاوازی (194418) کەس لە پارێزگای هەولێر و (686758) کەس لە پارێزگای دهۆك زیاترە. سەبارەت بە ئایینی مەسیحی پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (13696) کەس لە پارێزگای هەولێر و (17644) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. بەڵام پێکهاتەی ئایینی یەزیدی لە پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (18) کەس لە پارێزگای هەولێر زیاترە، و بەجیاوازی (11050) کەس لە پارێزگای دهۆك زیاترە. هەروەها پێکهاتەی ئایینی ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (544) کەس لە پارێزگای هەولێر و (357) کەس لە پارێزگای دهۆك زیاترە.

بەگشتی دەتوانین بڵێین لەم سەرژمێریشەدا پارێزگای سلێمانی هاوشێوەی سەرژمێرییەکانی پێشوو، توانیویەتی پلەی یەکەمی بپارێزێت وەك پارێزگایەکی پێکهاتەی ئایینی موسڵمان نەتەوەی کورد دەربکەوێت، و ببێتە شوناسی ئایینی موسڵمان بەراورد بە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستانیش.

**5 - پێکهاتەی ئایینی لە ساڵی (2009):-** هەروەك سەرژمێری ساڵی (1987) لەم ئامارەدا بەشێوەی ژمارە لێدان و گەمارۆسازی کراوە، بۆیە ئاماری ساڵی (2009)یش هیچ ئاماژەیەکی ئایینی تێدا نییە، بۆیە دیسان پشت بەڕێژەی گەشەی دانیشتووان بەستراوە لەنێوان (1987) و (2009)دا، بە تێبینی کردن لە خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت، کە پارێزگای سلێمانی قەبارەی پێکهاتەی موسوڵمانی گەیشتۆتە (1779143) کەس بەجیاوازی (830465) کەس زیادیکردووە بەراورد بەسەرژمێری (1987)، قەبارەی ئایینی مەسیحی گەیشتۆتە (3212) کەس بەجیاوازی (1499) کەس زیادی کردووە، قەبارەی ئایینی یەزیدی گەیشتۆتە (179) کەس بەجیاوازی (84) کەس، قەبارەی ئەوانی تر گەیشتۆتە (2321) کەس بەجیاوازی (1084) کەس زیادیان کردووە.


ئەگەر بەراوردی پێکهاتەی ئایینی پارێزگای سلێمانی بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان بکەین، بەتێبینی کردن لە خشتەکانی (6، 7، 8، 9) بۆمان دەردەکەوێت کە قەبارەی پێکهاتەی موسوڵمان لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (108791) کەس لە پارێزگای هەولێر و (733232) کەس لەپارێزگای دهۆك زیاترە. سەبارەت بە ئایینی مەسیحی لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (30912) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (74086) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. هەرچی پێکهاتەی ئایینی یەزیدی هەیە لە پارێزگای هەولێر و دهۆك جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام لە پارێزگای دهۆك بەجیاوازی (44329) کەس لە پارێزگای سلێمانی زیاترە. هەروەها پێکهاتەی ئایینی ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (62) کەس لە پارێزگای هەولێر زیاترە، و بەجیاوازی (1193) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. کەواتە لەو سەرژمێریشەدا پارێزگای سلێمانی هاوشێوەی سەرژمێرییەکانی پێشوو، توانیویەتی پلەی یەکەمی داگیر بکات لەڕووی شوناسی پێکهاتەی ئایینی نەتەوەی کورد، بەراورد بە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستانیش.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**6 - پێکهاتەی ئایینی لە ساڵی (2024):-** لەم ئامارەدا پشت بەستراوە بە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتووان لەنێوان (2009) و (2024)دا، بۆ دیاریکردنی قەبارەی پێکهاتەی ئایینی لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی، بە تێبینی کردن لە خشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت، کە پارێزگای سلێمانی قەبارەی پێکهاتەی موسوڵمانی بۆ ساڵی (2024) گەیشتۆتە

نەخشەی(3) دابەشبوونی جوگرافی بۆ ڕێژەی پێکهاتەی ئایینی لە هەرێمی کوردستان




کاری توێژەران پشت بەست بە:-

1- خشتەی(6، 7، 8، 9)

2- بەکارهێنانی بەرنامەیGis10.8.2

(2494895) کەس بەجیاوازی (715752) کەس زیادیکردووە بەراورد بە ئاماری (2009)، قەبارەی ئایینی مەسیحی گەیشتۆتە (4504) کەس بەجیاوازی (1292) کەس زیادی کردووە. قەبارەی ئایینی یەزیدی گەیشتۆتە (251) کەس بەجیاوازی (72) کەس زیادی کردووە. قەبارەی ئایینی ئەوانیتر گەیشتۆتە (3254) کەس بەجیاوازی (933) کەس زیادی کردووە. کەواتە قەبارەی پێکهاتەی ئایینی موسڵمان پلەی یەکەمی هەیە بووەتە ناسنامەی ئایینی پارێزگاکان. لە خشتەکانی (6، 7، 8، 9) بۆمان دەردەکەوێت کە قەبارەی پێکهاتەی موسوڵمان لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (37839) کەس لە پارێزگای هەولێر و (907787) کەس لەپارێزگای دهۆك زیاترە. سەبارەت بە ئایینی مەسیحی لە پارێزگای سلێمانی بەجیاوازی (45693) کەس لە پارێزگای هەولێر و بەجیاوازی (112791) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. هەرچی پێکهاتەی ئایینی یەزیدی هەیە لە پارێزگای سلێمانی بەراورد بە پارێزگای هەولێر جیاوازییان نییە، بەڵام بەراورد بە پارێزگای دهۆك بەجیاوای (67287) کەس پێکهاتەی یەزیدی لە پارێزگای سلێمانی کەمترە، هەروەها پێکهاتەی ئایینی ئەوانیتر لە پارێزگای سلێمانی بە جیاوازی (995) کەس لە پارێزگای هەولێر زیاترە، و بەجیاوازی (2079) کەس لە پارێزگای دهۆك کەمترە. لەم ئامارەشدا هاوشێوە ئامار و سەر ژمێرییەکانی پێشوو پارێزگای سلێمانی توانیویەتی پلەی یەکەم بە دەست بهێنێت، لە ڕووی پێکهاتەی ئایینی موسڵمانی کوردەوە، بەراورد بە هەریەکە لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان، لەبەرانبەردا پێکهاتەی ئایینەکانی تر ڕێژەیان لە پارێزگای هەولێر و دهۆك و هەرێمی

کوردستان زیاترە، ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە کە پارێزگای سلێمانی توانیویەتی ببێتە شوناسی ئایینی موسوڵمانی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستانیش.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەگەین بەو دەرئەنجامەی کە پارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (1957) بۆ (2024)، لەسەر ئاستی پێکهاتەی نەتەوەی کورد و پێکهاتەی ئایینی موسڵمان پلەی یەکەمە بە قەبارە و ڕێژەی جیاواز بەپێی ساڵانی لێکۆڵینەوەکە، بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەتا هەرێمی کوردستانیش، بەمەش دەتوانین بڵێین پارێزگاکە بووەتە شوناسی ناسنامەی نەتەوە و ئایینی موسڵمانی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان.

**دەرئەنجام**

لەکۆتاییدا توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێك دەرئەنجام، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1 - شوێن و پێگەی پارێزگای سلێمانی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، یەکێکە لە پارێزگا گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، لە ڕابردوو و ئێستاشدا ناوەندێکی گرنگ بوو بۆ کۆبوونەوەی قەبارەیەکی زۆر لە پێکهاتە جیاوازەکانی نەتەوە و ئایین.

2 - قەبارەی دانیشتووانی پارێزگاکە لەماوەی نێوان ساڵانی (1957-2024) لە (304895) کەسەوە بووەتە (2502904) کەس، واتا بەجیاوازی (2198009) کەس زیادیکردووە، بەرزتری ڕێژەی گەشەی ساڵانی دانیشتووانی پارێزگاکە گەیشتۆتە (4,6%) کەس، لەماوەی نێوان ساڵانی (1965-1977)، لەبەرانبەردا نزمترین گەشەی ساڵانەی لەنێوان ساڵانی (2,3%) بووە بەرێژەی (2009-2024).

3 - لەڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە پارێزگای سلێمانی بە قەبارە و ڕێژە نەتەوەی کورد تێیدا زۆرتر بووە، بەجۆرێک لەساڵی 1977-2024 کورد بەرێژەی (93.93%)لەبەرانبەردا قەبارە و ڕێژەی نەتەوەکانی تری تێدا کۆی ڕێژەیان (6.07%) بووە، بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر کورد بە ڕێژەی (7.93%) زیاترو نەتەوەکانی تر بەرێژەی (-7.93%) کەمترە.بەراوردبە پارێزگای دهۆك کورد بە ڕێژەی (17.93%) زیاترو نەتەوەکانی تر بەرێژەی (-17.93%) کەمترە، و بەراوردبە هەرێمی کوردستانیش کورد بە ڕێژەی (5.93%) زیاترو نەتەوەکانی تر بەرێژەی (-5.93%) کەمترە.

4 - لەڕووی پێکهاتەی ئایینیەوە پارێزگای سلێمانی بە قەبارە و ڕێژە ئایینی موسڵمانی تێیدا زۆرتر بووە، بەشێوەیەک لە ساڵی 1977-2024 . موسڵمان بە ڕێژەی (99.98%) زیاترو لەبەرانبەردا قەبارە و ڕێژەی ئایینەکانی تری تێدا کەمتر بووە، بەجۆرێک پێکهاتە ئاینیەکانی تر بەرێژەی (0.02%) بووە، بەراورد بە پارێزگای هەولێر موسڵمان بە ڕێژەی (2.08%) زیاترو قەبارە و ڕێژەی پێکهاتە ئایینەکانی تری تێدا بەرێژەی (-2.08%) کەمتر بووە، و بەراورد بە پارێزگای دهۆك موسڵمان بە ڕێژەی (10.68%) زیاترو قەبارە و ڕێژەی پێکهاتە ئایینەکانی تری تێدا بەرێژەی بەرێژەی (-10.68% )کەمتر بووە،بەراورد بە و هەرێمی کوردستانیش موسڵمان بە ڕێژەی (2.68%) زیاترو قەبارە و ڕێژەی پێکهاتە ئایینەکانی تری تێدا بەرێژەی بەرێژەی (-2.68%)کەمتر بووە.

5 - لەڕووی قەبارە و ڕێژەی نەتەوەی کورد لە پارێزگاکە وایکردووە ببێتە ناوەندێکی گرنگ بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان و عێراقیش، بۆ ناساندن و بەرجەستە بوونی شوناسی نەتەوەی کورد.

6 - بەرزی قەبارە و ڕێژەی موسڵمان لە پارێزگاکەدا بۆ ناساندن و ڕەنگدانەوەی شوناسی ئایینی ئیسلام و موسڵمان بوونی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و هەرێمی کوردستان و عێراقیش.

**پێشنیارەکان**

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامی توێژینەوەکە، ئەم پێشنیارانە دەخرێنەڕوو:

1 - لەبەرچاوگرتنی شوێن و پێگەی پارێزگای سلێمانی دەتوانرێت بکرێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ شوناس و ناسنامەی نەتەوەی کورد.

2 - پێویستە ئەم جۆرە توێژینەوانە بایەخ و گرنگی زیاتریان پێبدێت، چونکە وەك دەزانرێت لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی کەم و لەچوارچێوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی کورد ئاماژە بە پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی دراوە.

3 - کەمی و گومان لە قەبارە و ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئایینی لە هەرێمی کوردستاندا، وا پێویست دەکات، فەرمانگەیەکی تایبەت دابمەزرێت بە مەبەستی سەرژمێری دەربارەی دابەشبوون و قەبارە و ڕێژەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، ئەمەش بە پلاندانانی دەوڵەت بە تیمێکی شارەزا و بێ لایەن، تاکو دەرئەنجامەکان بێ کەم و کوڕی و ورد و ڕاست و دروست بن، هەروەها دووربن لە دەستێوەردان.

4 - دەرخستنی قەبارە و ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەیی لەڕووی سیاسییەوە هێز بە دەوڵەت و هەرێمەکان دەبەخشێت، هەموویان خۆیان بە خاوەنی پارێزگا و هەرێم و دەوڵەکە دەزانن، لەم بارەشدا ناوچەکە درو دەبێت، لەململانێنی شەڕ و کێشەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییە جیاوازەکان.

پاشکۆی(1) ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| ساڵ | ژ. دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی | ژ.دانیشتوانی پارێزگای هەولێر | ژ.دانیشتوانی پارێزگای دهۆك | ژ.دانیشتوانی هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|---|
| 1957 | 304895 | 273383 | 266172 | 844450 |
| 1965 | 399768 | 356293 | 145843 | 901904 |
| 1977 | 689119 | 541086 | 250283 | 1480488 |
| 1987 | 951723 | 770439 | 293304 | 2015466 |
| 2009 | 1784853 | 1706182 | 1171231 | 4662266 |
| 2024 | 2502904 | 2509762 | 1777274 | 6774339 |

1- وزارة الداخلية، مدير النفوس، العامة، المجموعة الاحصائية عام 1957، لواء السليمانية، أربيل، موصل،مطبعة الهاني،بغداد، جدول رقم(8).
2- وزارة اتخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء, مديرية الاحصاء السكاني ،نتائج التعداد للسكان لسنة 1965، لمحافظة السليمانية, أربيل, موصل, الجهاز المركزي للأحصاء, بغداد,1973, جدول رقم(1).
3- وزارة اتخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء, مديرية الاحصاء السكاني ،نتائج التعداد للسكان لسنة 1977، لمحافظة السليمانية, أربيل, دهوك , الجهاز المركزي للأحصاء, بغداد,1978, جدول رقم(2).
4- وزارة اتخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء, مديرية الاحصاء السكاني ،نتائج التعداد للسكان لسنة 1977، لمحافظة السليمانية, أربيل, دهوك , الجهاز المركزي للأحصاء, بغداد,1978, جدول رقم(2).
5- بۆزانینی ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە 1957-2024 پشت بەستراوە بەخشتەی( 1،3،4)
6- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، دەستەی ئاماری هەرێم، ئەنجامە سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی (الترقیم و الحصر السکانی)، پارێزگای سلێمانی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەکان ، پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆك، 2009، داتای بڵاونەکراوە.
7- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك، 2023.
8- میرزا عەبدوڵلا، هەورامان کمال، تاریق رەئوف محەمەد، 2008،ل133-138

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەی کوردی:**

کتێب:

1- تالب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، 1999
2- حداد، هاشم یاسین حمد أمین، ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان و عێراق و جیهان، چ1، هەولێر، 2009
3- غەفور، عەبدوڵلا، ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دووەم، 2000.
4- میرزا عەبدوڵلا، هەورامان کمال، تاریق رەئوف محەمەد، ناوچەکانی ململانێ لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراقدا- لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسی ، مەکتەبی بیرو هۆشیاری(ی.ن.ك)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، 2008.

**نامەو تێزی دکتۆرا:**

4- حمه،سروه جەلال،گۆڕانکاری دانیشتوان لەپارێزگای سلێمانی لەماوەی ساڵانی (1977-2012) دا،لیکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای دنیشتوان.تێزت دکتۆرا،بڵاونەکراوه، کۆلێجی زانستە مرۆڤاتەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی،2019.

**گۆڤار:**

1- تالب،جەزا تۆفیق، پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ، ژمارە(2)ساڵی حەوتەم، مایس 1999

2- محەمەد، خلیل ئیسماعیل، نەخشەی ئیداری کوردستانی عێراق و دورایی نەتەوەیی یەکەی، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە(2) ساڵی هەشتەم، مایسی 2005.

**چاپەمەنی و بڵاوکراوە حکومیەکان:**

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، 2024

2- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، دەستەی ئاماری هەرێم، ئەنجامە و سەرەتاییەکانی پرۆسەی ژمارەلێدان و گەمارۆسازی (الترقیم و الحصر السکانی)، پارێزگای سلێمانی، سەرژمێری گشتی دانیشتوان و نشینگەکان ، پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆك، 2009، داتای بڵاونەکراوە.

3- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەشی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك، 2023.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

**کتێب:**

1- طالب،جزا توفیق، المقومات الجیوبولتکیة للأمن القومی فی إقلیم کردستان،مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیه ، السلیمانیه، 2005.

2- الخفاف، عبد علی، عید مخور الریحانی، جغرافیة السکان، مطبعه جامعه البصره، البصره، 1986

3- محمد، خلیل إسماعیل، دهوك- نینوی دراسات فی الخصائص الدیموغرافیة للسکان، مرکز للدراسات الاستراتیجیة، السیمانیة، 2005

4- محمد، خلیل إسماعیل، السکان و المسألة السکانیه فی کردستان العراق، جامعه صلاح الدین ، أربیل، 2012.

**چاپەمەنی و بڵاوکراوە حکومیەکان:**

1- وزارة الداخلیة، مدیر النفوس، العامة، المجموعة الاحصائیة عام 1957، لواء السلیمانیة، أربیل، موصل،مطبعة الهانی،بغداد، جدول رقم(8).

2- وزارة اتخطیط، الجهاز المرکزی للأحصاء, مدیریة الاحصاء السکانی ،نتائج التعداد للسکان لسنة 1965، لمحافظة السلیمانیة, أربیل, موصل, الجهاز المرکزی للأحصاء, بغداد,1973, جدول رقم(1).

3- وزارة اتخطیط، الجهاز المرکزی للأحصاء, مدیریة الاحصاء السکانی ،نتائج التعداد للسکان لسنة 1977، لمحافظة السلیمانیة, أربیل, دهوك , الجهاز المرکزی للأحصاء, بغداد,1978, جدول رقم(2).

4- وزارة اتخطیط، الجهاز المرکزی للأحصاء, مدیریة الاحصاء السکانی ،نتائج التعداد للسکان لسنة 1977، لمحافظة السلیمانیة, أربیل, دهوك , الجهاز المرکزی للأحصاء, بغداد,1978, جدول رقم(2).

**سەرچاوەی ئینگلیزی:**

1- Scheidel, Walfer , population and Demography, stand for a university, April, 2006.

2- Clarke , Johan , population Geography,Education pergaman press ,Oxford, 1972.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ملخص البحث**

عنوان البحث هو (تحليل جغرافي للتركيب الإثنوغرافي لسكان محافظة السليمانية وانعكاسه على هوية الأمة الكردية في إقليم كردستان) موقع يركز البحث على محافظة السليمانية التى تقع في شمال شرق العراق وشرق إقليم كردستان. تكمن اهمية هذا البحث من اهتمامه بتحليل حجم و مقدار الجماعات الاثنوغرافية في المحافظة من الناحيتين العرقية و الدينية، اضافة الى دراسة دور الهوية الوطنية الكردية في إقليم كوردستان، يعتمد البحث على المنهج (التحليل والمقارنة) وتنقسم خطة البحث إلى حدود تمهيدية وبحثية وموضوعين ويشمل، يتناول المبحث الاول التغيرات في حجم ونمو سكان محافظة السليمانية، بينما يركز المبحث الثاني على البنية الإثنوغرافية من منظور التكوين العرقي والديني في محافظة السليمانية. أظهرت نتائج الدراسة أنه من حيث عرق ودين الأمة الكردية على مستوى إقليم كردستان تم تقديم عدد من الاقتراحات

الكلمات المفتاحية: الإثنوغرافيا، التكوين، الأمة، الدين، الحجم، محافظة السليمانية

Summary Research

The title of the research is (a geographical analysis of the ethnographic composition of the population of Sulaymaniyah Governorate and its reflection on the identity of the Kurdish nation in the Kurdistan Region) The research site is Sulaymaniyah Governorate and is located in northeastern Iraq and eastern Kurdistan Region. The importance of this research lies in the interest in the size and amount of ethnography in terms of ethnicity and religion in Sulaymaniyah Governorate and the role of Kurdish national identity in the Kurdistan Region, and the research method that wants to use the method (analysis and comparison) The research plan is divided into introductory and research boundaries and two topics and includes, the first chapter deals with changes in the size and growth of the population of Sulaymaniyah Governorate, while the second chapter focuses on the ethnographic structure from the perspective of ethnic and religious composition in Sulaymaniyah Governorate. The results of the study showed that in terms of the ethnicity and religion of the Kurdish nation at the level of the Kurdistan region, a number of suggestions were made.

Keywords: Ethnography, Temple, Nation, Religion, Size, Sulaymaniyah of Province.

sjh@univsul.edu.iq